**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برِگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (21)ی رۆژی (2007/5/30) ی خۆیدا، برِیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە(16)ی ساڵی 2007
## یاسای هەموارکردنی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە /24ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

دەقی برگە(2) لە ماددەی چل وپێنج لە یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق هەموار دەکرێت وبەم شێویە دەخوێندرێتەوە:ـ

( 2– هەرکەسێ پشووی قوتابخانەی هەبێ و خزمەتەکەی لە رێگای تەنسیقی میلاکەوە کۆتایێ هاتبێ یان خانەنشین کرابێ، جگە لە حاڵەتەکانی لادان (عزل) و دەرکردن (فصل) لە نیوەی یەکەم یا دووەمی ساڵی خوێندندان ، مووچە و دەرماڵەکانی پشووی هاوێنەی پێ دەدەرێ، بە مەرجێ لە (180) رۆژ زیاتر نەبێ. )

**ماددەی دووەم:**

دەقی برِگە (1) لە برِیاری ژمارە (464)ی رۆژی 1981/4/14 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:ـ

( 1– ئەندامی دەستەی وانەبێژی (تدریسی) یان فێرکاری (تعلیمی) کە خانەنشین دەکرێن و حوکمەکانی برِگە(2)ی ماددەی چل و پێنج لە یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە /24ی ساڵی 1960ی هەموارکراو دەیانگرێتەوە، مووچەکەیان و دەرماڵەیان پێ دەدرێت، هەروەها مووچەو دەرماڵەی شەش مانگیش بە پێوەری وەرگرتنی دوا مووچە، لە رۆژی خانەنشین کردنیەوە، چ جای حاڵەتەکە لە نیوەی یەکەم یا دووەمی ساڵی خویندن بێت.)

**ماددەی سێیەم :**

کار بە هیچ دەقیکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ، ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو بوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ و حوکمەکانیشی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پاش جێبەجێ کردنی خانەنشین دەکرین.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

---

**تێبینی**: **ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (70) **سالّی هەشتەم -ی رۆژی** 2007/7/11 **رۆژنامەی** ( **وەقایعی کوردستان** ) **بلاوکراوەتەوە**